# شاندێکی پارتی سەربەستی سەردانی حزبی رزگاری دەکات



کاتژمێر 12ی رۆژی 9-5-2010 شاندێکی پارتی سەربەستی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاک عارف باوەجانی سەرۆکی گشتی و ژمارەیەک لە هاوبیرانی سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانیان کردو لەلایەن هەڤاڵان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، حەکیم عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و کارۆخ عوسمان ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناڤین کرا، لە تەوەرێکی دیکە جەخت لەسەر پێوەندی نێوان لایەنە سەربەخۆخوازەکانی کوردستان بەتایبەتیش پێوەندی نێوان حزبی رزگاری و پارتی سەربەستی کرایەوە.

# شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی مەکتەبی سیاسی دەکات



کاتژمێر 10:30ی رۆژی 10-5-2010 شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاک تاهیر مەحموودی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزب لە شاری هەولێر بە هاوڕێیەتی کاک عەبدولڕەزاق مرادئازەر کارگێری پێوەندیەکان و سابیر بەرزەنجی کادری پێوەندیەکان لە شاری هەولێر سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانیان کردو لە لایەن هەڤاڵانی حزبی رزگاری بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا کە هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، حەکیم عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کارۆخ عوسمان ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت ئامادەبوون، شاندی میوان سڵاوی بەڕێز کاک مستەفا هجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە هەڤاڵ رێکار و سەرکردایەتی حزبی رزگاری گەیاندو باسیان لە پێوەندی نێوان هەردوولا کرد. دواتر لە تەوەرەکانی دیکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە کرا، هەروەها ئاڵۆگۆڕەکان ناوخۆی ناوچەکە خرایە بەرباس و لێکدانەوە. هەردوولا خۆشحاڵی خۆیان پێشاندا کە لیستە براوەکانی کوردستان پێکهاتوون لەسەر ئەوەی بەیەک دەنگ و یەکهەڵوێست بچنە بەغدادو دانوستان لەسەر شێوەو پێکهێنانی کابینەی نوێی عێراقدا بکەن، ئەوەشیان بە هەنگاوێکی ئەرێنی و پڕبایەخ داناو هیوایان خواست بەهۆی ئەو هاودەنگیەوە بتوانرێت خواست و داخوازیەکانی کوردستانیان لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراقدا پێداگری لەسەردا بکرێ، بەتایبەتیش پێداگریکردن لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور و هەوڵدان بۆ یەکلاییکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان.

# سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە هەوڵێکی تیرۆریستی رزگاری دەبێ

سەرچاوەیەکی ئەمنی کەرکووک بە سەرچاوەکانی هەواڵی رایگەیاند کە بۆمبێکی چێنراو بەکاروانی ئۆتۆمبێلی پاسەوانەکانی دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەقیوەتەوە.

سەرچاوەکە ئاشکرای کردووە کە رۆژی هەینی 14ی ئایار لەسەر رێگەی نێوان کەرکووک-بەغدا، بۆمبێکی چێنراو بەکاروانی ئۆتۆمبێلەکانی دکتۆربەرهەم ئەحمەد ساڵحدا تەقیوەتەوە، بەڵام ناوبراو لەنێو کاروانەکەدا نەبووە، بەوهۆیەوە هیچ زیانێکی پێنەگەیشتووە.

بەگوێرەی زانیاریەکان لەو کاتەی کە کاروانی ئۆتۆمۆبێلەکانی رێزدار دکتۆر بەرهەم لە بەغداوە بۆ کەرکووک دەهاتنەوە، لە نزیک سەلمان بەگدا بۆمبێکی چێنراو بەیەکێک لە ئۆتۆمۆبێلەکانی پاسەوانەکانیدا تەقیوەتەوە، خۆشبەختانە هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبووە.

سەرچاوەکە جەختی کردۆتەوە کە تەنیا دوو ئۆتۆمۆبێل زیانیان پێکەوتووە، بەڵام هەردەمودەست ئەو ئۆتۆمۆبێلە پێکراوانە لەگەڵ کاروانەکەدا هێنراونەتەوە بۆ شوێنی چاککردنەوە.

جێی ئاماژەیە کە تیرۆریستان ماوەیەکی زۆرە بەرپرسانی کوردستانیان کردۆتە ئامانج، بەڵام خۆشبەختانە هەرمیشە رووبەووی شکست دەبنەوە. جێی وەبیرهێناوەیە کە چەند جارێکی دیکەش رێزدار دکتۆر بەرهەم بۆتە ئامانجی تیۆرۆریستان و گیانی سەلامەت بووە.

# بکوژانی سەردەشت عوسمان ریسوا دەکەین



**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**

**ئازدیخوازان و رۆژنامەنووسان!**

هەواڵی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان هەموومانی راچڵەکاند، وێڕای ئەوەی هەواڵەکە پێوەندی بە کوشتنی مرۆڤێکەوە هەیە، بۆ سەر رەوشی ئاسایش و هێمنایەتی هەرێمی کوردستانیش هەڕەشەیکی ئاشکرایە، چونکە هەوڵێکی نەزۆکانەیە بۆ خنکاندنی بیرو ڕامانی ئازاد، بەوهۆیەوە لەکاتێکدا پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدی تاوانلێدراو سەردەشت عوسمان دەکەین و خۆمان بە هاوخەمیان دەزانین، لەهەمان کاتدا نەفرەت لە بکوژان و تاوانکاران دەکەین و ریسوایان دەکەین.

نیگەرانی ئێمە لەوەدایە کە شەهیدی جوانەمەرگ رۆژی 4ی ئایار، لە شاری هەولێر، لەبەردەم کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین دا، بە رۆژی رووناک رفێندراوەو دواتریش لە رۆژی 6ی ئایاردا لە شاری موسڵ، تەرمەکەی دۆزراوەتەوە، بەوهۆیەشەوە رەوشی ئاسایشی شاری هەولێرو هەرێمی کوردستانی لە ژێر پرسیارو هەڕەشە داناوە! بەوهۆیەوە بە ئەرکی سەرشانی هێزەکانی ئاسایش دەزانین کە شێلگیرانە بەدواداچوون بۆ رووداوەکە بکەن و بکوژانی سەردەشت عوسمان بدۆزنەوەو رادەستی دادگەیان بکەن. هەر لەو بەستێنەشدا داوا لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ناوەخۆ دەکەین کە لایەنی پەیوەندیدا ناچار بە دۆزینەوەو ناساندنی تاوانکاران بکەن، هێمنایەتی بۆ شاری هەولێر بگێڕنەوەو وردبینانەتر پارێزگاری لە گیانی رۆژنامەوان و رۆشنبیرانی خاوەن هەڵوێست بکەن.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی رزگاریی کوردستان**

2010-5-6

# کۆنگرەی چارەسەری کێشەکانی کەرکووک لە پاریس بەڕێوەدەچێت

فەڕەنسا بەبەشداری پارێزگاری کەرکووک کۆنگرەیەک بۆ چارەسەری کێشەی ئەو شارە دەبەستێت.

بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک، پەیمانگەی نەتەوەی کورد لە هەفتەی داهاتوودا کۆنگرەیەک لە پاریس ساز دەکات کە دوو رۆژ دەخایەنێو بەبەشداری ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی عێراقیو لەناویشیاندا سێ کەسایەتی کەرکووک "عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگار، تەحسین کەهیە ئەندامی لیستی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگا، محەممەد خەلیل جبووری ئەندامی لیستی عەرەبی لە هەمان ئەنجومەن" ئامادە دەبن.

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووک رایگەیاند "وەک پارێزگاری کەرکووک بەشداری لەو کۆنگرەیەدا دەکەم، بەو هیوایەی تاوتوێی شتەکان بکرێ لەلایەن ئەو کەسانەی بانگهێشت کراون". لای خۆیەوە محەممەد خەلیل جبوری رایگەیاند کە بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە ناتوانێ بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکات". بەڵام تەحسین کەهیە ئەندامی لیستی تورکمانی ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەو کۆنفرانسەو گوتی "بەشداری کۆنفرانسەکە دەکەمو قسەی خۆم دەبێت بۆ بەرەو پێشچوونی بارودۆخی شارەکە". ئەمەش لەکاتێکدایە کە چاودێرانی شەقامی سیاسی جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەنیا چارەسەر بۆ کێشەی کەرکووک جێبەجێکردنی ماددەی 140و کۆنگرەو کۆڕو سمینارەکان هیچ لە بارودۆخی شارەکە ناگۆڕن.

**سەرچاوە: رووداونێت**

# نۆرویژ دەیان پەنابەری باشووری کوردستان دیپۆرت دەکاتەوە

لەهەنگاوێکی چاوەڕوانکراودا رۆژی پێنج شەممە 13ی ئایار، ژمارەیەک کوردی باشووری کوردستان کە لەوڵاتی نۆرویژدا داخوازی پەنابەریتیان رەت کرابۆوە، رەوانەی هەرێمی کوردستان کرانەوە.

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە کاربەدەستانی وڵاتی نۆرویژ ماوەیەکە بڕیاری داوە کە ئەو کوردانەی کە داخوازی پەنابەریتیان رەتکراوەتەوە، رەوانەی وڵاتەکانیان بکاتەوە، پێشتریش چەند کوردی رۆژهەڵاتی رەوانەی ئێران کردۆتەوە، ئەوانەی ئێستاش کە هەڕەشەی دیپۆرت کردنەوەیان لەسەرە نزیکەی 600 کەس دەبن.

سەرچاوەکان رایانگەیاندوە کە حکومەتی نۆرویژ ژمارەیەک پەنابەری رەوانەی فڕگەی هۆڵەندا کردبوو، لەوێشەوە رەوانەی فڕگەی عەممانی وڵاتی ئوردون کران، ئەوسا لەوێوە رەوانەی هەولێر کرانەوە. ئەو هێنان و بردنەش بۆ ئەوەبوو تا کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم رێ لە ناردنەوەی پەنابەران نەگرن.

# تەرمی گەنجێکی کورد دەدۆزرێتەوە

هەواڵەکان ئاشکرایان کە رۆژی 14ی ئایار تەرمی گەنجێکی کورد لەسەر رێی نێوان رواندوز- بێخاڵ دۆزراوەتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکانی پۆلیس ئەو گەنجە ناوی (ع.ح)، دانیشتووی قەزای سۆران بووە، هەر لەشوێنی تەرمەکە تاوانەکە ئەنجام دراوە، چونکە لەو شوێنە خوێنی لەبەر رۆیشتووەو قوربانیەکەش بە گوللە کوژراوە. تا ئامادەکردنی هەواڵەکەش هۆکاری کوژرانەکەی نەزاندراوەو بکوژەکانیش نەدۆزراونەتەوە،

جێی ئاماژەیە لەو ماوەیەدا چەندین کەسی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی جۆراوجۆر کوژرابوون.